# زمان و ئەزموونی موفتی پێنجوێنی
# (1952-1881) لەنێو ڕەهەندی ڕۆشنبیریدا

# Language and Experience of Mufti Penjweni (1881-1952) in The Cultural Dimension

**Pakhshan Sabir Hamad**
Pakhshan HAMAD | ORCİD: 0000-0001-9686-5361| Pakhshan.hamad@soran.edu.iq
Soran University, Faculty of Arts, Kurdish Department, Erbil, Iraq

**Citation:**

Hamad, P. (2024). زمان و ئەزموونی موفتی پێنجوێنی (1881-1952) لەنێو ڕەهەندی ڕۆشنبیریدا / Language and Experience of Mufti Penjweni in The Cultural Dimenson. *Nubihar Akademî* 21, 145-166. DOI: 10.55253/2024.nubihar.1476368

| | |
|---|---|
| Submission Date | 30.04.2024 |
| Acceptance Date | 21.06.2024 |
| Publication Date | 30.06.2024 |
| Peer-Review | Double anonymized - Two External |
| Ethical Statement | It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited. |
| Plagiarism Checks | Yes – iThenticate |
| Conflicts of Interest | There is no conflict of interest between the author and any parties in the article. |
| Complaints | The author(s) has no conflict of interest to declare. |
| Grant Support | The author(s) acknowledge that they received no external funding in support of this research. |
| Copyright & License | Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the **CC BY-NC 4.0**. |

**پوختە**

شیعر یەکێکە لە هونەرە دێرینەکان و گشت نەتەوەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە و بە پێی قۆناغە مێژووییەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ شیعردا هەبووە و هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەمکی شیعر چوارچێوەیەکی دیاریکراوی چەسپاوی وەرنەگرتووە. لە نێوان نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگراندا بیروڕای هەمەجۆر بەدیدەکرێت. هەروەها بە پێی ڕەوت و قوتابخانە ئەدەبییەکان گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و پێکهاتەکانی بوونەتە مایەی سەرنج و تێڕامان و لێکۆڵینەوە، کە تەلیسمی شیعر زیاتر بە زمانەکەیەوە پەیوەستکراوە، چونکە کەرەستەی سەرەکی شیعرە و تەمومژ و ڕەمز و ئیحا و. هتد، لە ڕێگەی زمانەوە سەرهەڵدەدەن.

شاعیر مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ زمان دەکات، بەوەی زمان تەنیا ئامرازێکی گەیاندنی بیرۆکەکان نییە، بەڵکو ئەزموونە شیعرییەکە خۆیەتی کە خودی داهێنان دەنوێنێت، لەبەرئەوەی سنوری نێوان واتا دژ و پێچەوانەکان تێک دەشکێنێت.

لە کاتێکدا بەشێک لە فەرهەنگی شیعر زمانی ڕۆژانەی خەڵکە، شاعیر توانیویەتی بنیادێکی شیعریی لێ دروست بکات، کە کۆت و بەندەکانی زمانی پێوانەیی تێپەڕ بکات. شاعیر گەر زمانی خەڵکی وەکو خۆی بەکارهێنا، لە سنوورەکانی داهێنان دووردەکەوێتەوە، چەند بتوانێت دەلالەتی نوێ و بەکارهێنانێکی نوێی پێ ببەخشێت، لە هێڵەکانی داهێنان نزیکتر دەبێتەوە.

موفتی پێنجوێنی هەم وەک شاعیر و هەم وەک هۆشیار و ڕۆشنبیر لە نێو کۆمەڵگەکەی ناسراوە، کە ئەزموونەکانی خستۆتە چوارچێوەی زمانی پاراوی کوردی و فەرهەنگێکی زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و بەمە توانیویەتی شوێنی خۆی لە نێو ڕەهەندی ڕۆشنبیریدا بکاتەوە.

**وشە کلیلییەکان**: زمانی شیعری، موفتی پێنجوێنی، ڕۆشنبیری، فەرهەنگی شیعریی، ڕەخنە.

## Abstract

Poetry stands as one of the oldest arts embraced by all nations throughout history, yet its essence remains open to interpretation, sparking diverse viewpoints among writers, poets, and critics. Language serves as the canvas for crafting poetry, giving rise to obscurity, symbols, and imagery, transcending conventional linguistic boundaries. The poet treats language in a special way, in that language is not only a means of conveying ideas, but the poetic experience itself that expresses innovation itself, because it breaks the boundaries between opposite meanings. While part of the dictionary of poetry is the everyday language of the people, the poet has been able to create a poetic foundation that transcends the restrictions of standard language. If the poet uses the language of the people as he is, he moves away from the boundaries of innovation. Mufti Penjweni, renowned for his poetic and intellectual contributions, enriches the Kurdish language with his unique experiences and language dictionary.

## Keywords

Poetic language, Mufti Penjweni, culture, Poetic dictionary, Criticism.

## پێشەکی

زمانی شیعریی ناوەندێکە بۆ کۆکردنەوەی ئەوەی پەیوەندی بە بیرۆکە و چۆنیەتی داڕشتن و گشت کەرەستەکانی دیکەوە هەیە، سەردەم و قۆناغەکەی دەنوێنێ و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە قوڵایی بیرۆکەکانی شاعیرەوە هەیە و ئەمەیە یارمەتی شیعر دەدات، کە سنوورە جوگرافییەکان ببەزێنێت، بە تایبەتی کە شیعر لە بەردەم وەڵامدانەوەی تێکڕای پرسە گرنگەکانە و نوێنەری هەستە شاراوەکانی ناخی مرۆڤە. لە نێو زمانی شیعریدا هەموو سیما و ڕێسا گشتیەکانی دەسەڵاتییان بەسەر دەقە شیعرییەکاندا دەشکێت.

### ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

بە مەبەستی ناساندنی شاعیریێتی موفتی پێنجوێنی و دیاریکردنی پێگەی شاعیر لە نێو ڕۆشنبیری کوردیدا، (زمان و ئەزموونی موفتی پێنجوێنی(1881-1952) لەنێو ڕەهەندی ڕۆشنبیریدا) هەڵبژارد بۆ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە و کارمان لەسەر زمانی شیعریی بە گشتی و زمانی شیعریی موفتی بە تایبەتی کردووە.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی شیکاریی_ڕەخنەیی وەکو بنچینەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی زمانی شیعریی موفتی پێنجوێنی لە ئاکامی ئەزموونەکانی و ڕۆڵی لە نێو ڕەهەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بەکارهاتووە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** دیوانی موفتی پێنجوێنی کە لە لایەن ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵلا کەریم کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە و لە ساڵی 2016 چاپکراوە، ئەمە بۆتە هەوێنی دیاریکردنی فەرهەنگی زمانی شیعریی موفتی و سنووری لێکۆڵینەوەکە.

### ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

1_دەرخستن و دیاریکردنی زمانی شیعریی موفتی.
2_پێگەی موفتی لە نێو ڕۆشنبیری کوردیدا لە ڕێگەی گەڵاڵەکردنی ئاستی زمانە شیعرییەکەی.
3_دەرخستنی سەرەکیترین کێڵگە واتاییەکانی نێو شیعری موفتی.
4_جۆری ئەو زمانەی کە موفتی جەختی لەسەر بەکارهێنانی کردۆتەوە.

### پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:

گرنگترین ئەو پرسیارانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامیان بداتەوە، بریتین لە:
1_چییەتی زمانی شیعریی موفتی پێنجوێنی؟
2_چۆنیەتی کاریگەری کلتووری ڕۆشنبیری بەسەر زمانی شیعری موفتی دا؟

3_سروشتی پەیوەندی فەرهەنگیی لەگەڵ وشە و دەستەواژە و دەربڕینە بەکارهاتووەکان لە دووتوێی شیعرەکانی موفتی دا؟

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی، لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا تاوتوێی (دووانەی زمانی شیعریی یا شیعرییەتی زمان) کراوە و لە تەوەری دووەمدا: (فەرهەنگی شیعری موفتی و دیاریکردنی ڕۆشنبیری زمانیی لە شیعرەکانیدا) کاری لەسەرکراوە، سەرباری ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## 1. تەوەری یەکەم: دووانەی زمانی شیعریی یا شیعرییەتی زمان

زمان و شیعر دووانەیەکن، یەکێکیان دەبێتە مایەی پێشکەوتنی ئەوی دیکەیان، چونکە ئەوە شیعرە دەسەڵاتی بەسەر زماندا دەشکێنێ و بۆی هەیە لە پانتاییەکی فراواندا کار لەسەر زمان بکات و ڕێگەی نوێ و داڕشتنی نوێ دابهێنێت، کە پێشتر بەمجۆرە ئاشنایەتی لەگەڵدا نەبووە. شیعر جوڵە بە زمان دەبەخشێت و لە ڕێگەی بەخشینی دەلالەتی نوێ هەمیشە شیعر چەشنی ئامێرێکی بەرهەمهێنەر وشەکانی زمان سەر لە نوێ بەرهەمدێنێتەوە، بەمەش لە لایەک فەرهەنگی شیعری دەوڵەمەندتر دەکات و لە لایەکی دیکەوە ناسنامەی زمان زێدەتر دەچەسپێت.

جۆن کۆهین دەڵێ: (شاعیر بە وتەکانیەتی، نەک بە بیرکردنەوە و هەستەکانی. ئەو خولقێنەری وشەکانە، نەک خولقێنەری بیرۆکەکان. هەموو داهێنانەکە دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانە زمانییەکەی)(جون کوهین،2000: 40). (مالارمیە)ی شاعیری فەڕەنسیش لەسەر هەمان بۆچوونە و دەڵێ: (ئێمە دێرە شیعرەکان بە بیرۆکەکان دروست ناکەین، بەڵکو بە وشەکان دروستیان دەکەین)(جون کوهین:41).

لەم ڕوانگەیەوە دیاریکردنی (زمانی شیعریی) پەیوەستە بە (شیعرییەتی زمان)ەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە زمانەکان لە خودی خۆیاندا شیعرییەتیان حەشارداوە، ئەگەرچی جیاوازی نێوان زمانەکان بڕی شیعرییەتەکە دیاریدەکات. بەلای (فنغشتاین): (پێویست ناکات زمانێکی میسالی دابهێنین لە پێناو وێنەکێشانی واقع، زمانە ئاساییەکەمان وێنەیەکی لۆژیکییە و تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەو ڕێگەیەی هەر وشەیەک گوزارشتی لێدەکات بناسینەوە)(جمال حمود، 2009، 15).

شاراوەکانی شیعر لە بنچینەدا دیاردەیەکی زمانی هەیە و کار لەسەر گەمەیەکی زمانیی دەکات. شیعرییەت Poetik کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و پەیوەستە بە هونەری شیعری و(بریتییە لە تیۆرێکی مەعریفی پەیوەست بە هونەریێتی یان لایەنی هونەری شیعری و جوانیناسییەکانی Asthetik ئەم شیعرییەتە لە بواری هونەریدا دەردەکەوێت Bilolkanst) (عبدالرحمن السليمان،1997، 232)

شیعرییەت پەیوەستە بە ڕۆشنبیری  یۆنانی و لۆژیکی ئەرستۆ (384پ.ز-322پ.ز) چونکە ئەرستۆ لە نێو ئەم ڕۆشنبیرییە پەروەردە بووە و خاوەن لۆژیکی تایبەت بە خۆی بووە و لە بارەی شیعرەوە  خاوەنی (هونەری شیعر)ە. ئەمە وایکردووە poetics ببێتە زاراوەیەکی کۆن و نوێ و هاوچەرخ لە هەمان کاتدا و درێژەی هەبێت، هەرچەندە بیرۆکە گشتییەکەی  لەو (یاسایانەیە کە حوکمی داهێنان دەکەن)(میلود،1990، 8-9). لە نێو فەرهەنگی ڕەخنەی عەرەبیدا بە گەلێ شێوەی هەمەجۆر ئاماژەی بۆکراوە وەک: (الشاعرية، علم الادب، الفن الابداعي، فن النظم، فن الشعر، نظرية الشعر، بوطيقيا (بوتيک)،الأدبية الانشائية، الشعرية)(بڕوانە: حسن ناظم،1994، 18) و (توفيق الزيدي،1985، 9).

لەنێو ڕەخنەی کوردیشدا شیعرییەت باوترینە و بەم شێوەیە نییە کە لە عەرەبیدا هەیە، هەر خۆی بوونی زاراوەی زۆر بۆ چەمکێکی دیاریکراو ئاڵۆزی و پەرش و بڵاوی دروست دەکات، ئەمە لە کاتێکدا (شیعرییەت چەمکێکی تەمومژاوییە ولە چەندین ڕەگەزی نێو دەقە ئەدەبییەکە و شتی تر لە دەرەوەی دەقە ئەدەبییەکە پێکهاتووە، کە بە هەموویانەوە چەمکی شیعرییەت بەرجەستە دەکەن. ئەو چەمکەی کارێکی دانەهێنراو دەکاتە کارێکی داهێنراو) (محمود درابسة،2010، 16). بە واتای دەیخاتە نێو چوارچێوەی داهێنان و چەسپاوی دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شیعرییەت گشتگیرە و تەنیا لایەنێکی دیاریکراو ناگرێتەوە، بەڵکو کۆی پێکهاتەی دەقە شیعرییەکە لەخۆدەگرێت و چالاکی زمان دەنوێنێ، چالاکییەکە بە هۆی ڕیتم و چۆنیەتی ڕێکخستنی دێرە شیعرییەکان و بنیادی سیاقی دێرەکان و خەیاڵکردن و چۆنیەتی خەیاڵکردنەکە گەڵاڵە دەبێت، هەموو ئەمانە لە شیعرییەتدا بەرجەستە دەبن، کە هەر خۆی (شیعرییەت بوارەکەی زمانی ئەدەبی هونەرییە کە وا لە ئەدەب دەکات، ئەدەبێکی جوانیناسی بێت و لە ئاخاوتنی ئاسایی جیابکرێتەوە) (تزفيتان طودوروف،1990، 27-28)، چونکە دوو ئاست لە زماندا بەدی دەکرێت: (ئاستی یەکەم: ڕاستەوخۆییە،کە بڕیار لەسەر کارێکی دیاریکراو دەدات یا ئاماژە بە حەقیقەتێکی وا دەکات، دوو کەسی تێدا جیاواز نەبن. ئاستی دووەم: ئاستی ئەدەبی و شیعرییە کە لەسەر هەڵچوون و جوانی و هونەر سەرچاوە دەگرێت، ئەمەیە وا لە شیعر دەکات ببێتە شیعر و شیعریش گوزارشت لەمانە دەکات) (كمال أبوديب،1987، 132-133)، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەنێوان شیعر و زماندا هەیە، ڕاستەوخۆ بەوەی پێکهاتەی شیعری زمانە، ناڕاستەوخۆش بەوەی زمانی شیعر زمانێکی باو نییە و شیرازەی پەیوەندییە ئاساییەکانی تێکشکاوە و پەیوەندی نوێیان پێ بەخشراوە.

بۆیە زمانی شیعری هەمیشە لەلایەنی ڕەخنەگر و لێکۆڵەران مایەی سەرنج و تاوتوێکردن بووە، بەتایبەتی ئەو پرسیارە گرنگەی ئایا زمان لەخودی خۆیدا شیعرییەت یاخود بڕێک شیعرییەتی لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە، یا سیاق و پێکهاتەی سیاقە شیعرییەت بە زمان دەبەخشێت.دیاریکردنی سنووری شیعرییەت تا ڕادەییەک سەختە. لای پۆل ڤالێری(Paul Valery): (هەموو نووسینێکی ئەدەبی شیعرییەتە) (راغب نبيل، د.ت، 382) بە واتای شیعرییەت لەئاکامی بەکارهێنانی هونەرییانەی

زمان چوارچێوەیەک بۆخۆی هەڵدەبژێرێت،کە ئەم چوارچێوەیە لە هەمان کاتدا جوانییەکان کۆدەکاتەوە.

بۆیە (زمان بە وڵاتی مەعریفە دادەندرێت،پێوانەی زمانەکان بەندە بەو مەعریفانەی هەڵیانگرتووە یا دەیگوازنەوە یا لەخۆیان گرتووە) (عبدالرزاق تورابي، 2005، 37-38). تایبەتمەندی شاعیران لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی واژەکانی زمان بەشێوەیەک کە پێشتر ئەم بەرگەی بەخۆیەوە نەبینیوە بەدی دەکرێت. ئەم خاڵە گرنگە دەبێتە ناسنامەی داهێنان لای شاعیر و لە ئاکامیەوە بەهایەکی نوێ بە واژەکە دەبەخشێت، چونکە سیاقەکە بەهای واژەکان دیاریدەکات و ئەوە شاعیرە خاوەنداریێتی ڕاستەقینەی سیاقەکان دەکات، (دەقی شیعری تایبەتمەندییەکی هەیە ناسنامەی نابێت، تەنیا بەهۆیەوە نەبێت، ئەویش بریتییە لەوەی کارێکی زمانییە لە لایەک و لەلایەکی ترەوە کارێکی جوانییە، واتە ڕێگەیەکی جۆرییە لە بەکارهێنانی زمان و لە دۆزینەوەی مەعریفەدا) (أدونيس،1996، 50).

شیعر کە دەبێتە مایەی کۆکردنەوەی هەردوو جەمسەری زمانی و جوانیی لەیەک کاتدا؛ هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکە لە شیعردا خۆیان نادۆزنەوە و (وشە تێیدا سنووری پیت و مۆسیقاکەیان تێدەپەڕێنێ، لە دواوەی پیت و بڕگە و دەرچوونەکانی سووڕێکی ژیانی تایبەت هەیە، کە کیانێکە جەوهەرەکەی لە خوێنیدایە، نەک لە پێستیدا) (أدونيس،1979، 79).

زمان یارمەتی شاعیر نادات، بەڵکو شاعیر یارمەتی وشەکان دەدات و بەرگێکی نوێیان بەهۆی سیاقەوە بۆ دەدوورێت، هەرچەندە فەرهەنگێکی ئامادە لە بەردەم شاعیردا هەیە، کە پێشتر شاعیرەکان وەکو خوانێکی ڕازاوە بۆ شاعیرانی دوای خۆیان جێهێشتووە، بۆیە ئەوەی شاعیران ئەنجامی دەدەن دۆزینەوەی پەیوەندی نوێیە، چونکە شیعر کۆمەڵێک پەیوەندییە، ئەم پەیوەندییانە زمان لەنێو شیعردا چالاک دەکەن، واتە وشەکان و پەیوەندییەکانیانن کە لە ڕێگەی سیاقەوە شتێک دروست دەکەن کە پێی بگوترێت (شیعرییەت)، ئەگەر نا لەخودی خۆیاندا هەڵگری شوحنەی شیعرییەت نیین، ئەگەرچی هەڵگری بڕێک مۆسیقای ناوەکی بن بەپێی پیت و لێکدان و شێوازی دروستکردنیان بۆ وشەکە. بەتایبەتی کە شیعرییەت لەبواری زمانێکی هەستی کار دەکات، زمانی شیعری لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە توانای کۆکردنەوەی هەردوو لایەنی زمانی و جوانی هەیە، هەر ئەم دوو لایەنەشە کە (شیعرییەتی زمان) پێک دەهێنێت، بە واتای (شیعرییەتی زمان) بەرهەمی (زمانی شیعری)یە.

هەر خۆی شیعر دەرچوونە لە زمانی ئاسایی، یا بە واتایەکی دیکە تێکشکاندنی ئەم زمانە و سەر لەنوێ بنیادنانەوەیەتی لە دووتوێی شیعردا، بەوەی شیعر چالاکییەکی زمانییە و پەیوەستە بە ئەزموونی شاعیر و ئەو فەرهەنگە زمانییەی کە هەڵیگرتووە.

(شێوازی داڕشتن و ڕێکخستن کە شاعیر پەیڕەوی دەکات، ئەمە ئەزموونەکەیە و ئەمە زمانی شیعرییە) (السعيد الورقي،1984، 67)، کەرەستەکانی نووسین هەر لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕین

و وێنە و خەیاڵ و سۆز و ئاوازی وشەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنیان لە ژێر دەسەڵاتی چێژ و سەلیقەی شاعیردایە، بۆیە زمانی شیعر لە هەموو کات و حاڵەتەکاندا زمانێکی چڕە و وشە و دەربڕینەکان زێدەتر بارگاوی دەکرێن و باری واتای قورستر دەبێت.

شیعر لە پەخشان تەنیا بەهۆی کێشەوە جیاناکرێتەوە، وەک لە دێریندا ئەم بیرۆکەیە باوبوو، بەڵکو پەخشان سستێمە ئاسایی زمان بەکار دەهێنێت، بە واتای (وشەکە لە بنچینەدا چۆن داندراوە بەم شێوەیەیە، کەچی شیعر ئەم سیستێمە تێکدەشکێنێ و داگیری دەکات، وشەکان لە ڕێڕەوی داندراویان لادەدات) (أدونيس،1978، 261). سنووری باوی بەکارهێنانیان تێدەپەڕێنێ، زمانی شیعری زیاترە لەوەی تەنیا ئامرازێک بێت، بە واتای(زمانی شیعر زمانی دەربڕین نییە، بە قەد ئەوەی زمانی دروستکردن بێت) (أدونيس،1985، 126).

شیعر وەک دروستکراو (بەرهەمی ئاوێتەبوونێکی هەستپێکراوە یا پێکهاتەیەکی سێگۆشەییە لە شاعیر و گەردوون و زماندا خۆی دەنوێنێ، شاعیر سەنتەری ئەم سێگۆشەیەیە، یا بەیەکگەیەنەری دوو لایەنەکەی ترە) (عزالدين اسماعيل و آخرون،1998، 237) واتە: (گەردوون و زمان)، تێڕوانینی شاعیر بۆ گەردوون لە ڕێگەی زمانەوە وەردەگێڕدرێت، لە کاتێکدا (شێوازی داڕشتن کە شاعیر بەکاریدەهێنێ؛ بریتییە لە ئەزموون، ئەمەیە زمانی شیعریی) (السعيد الورقي،1984، 67). ئەزموون و قووڵی ئەزموونەکە، زمان و چۆنیەتی داڕشتنی زمانەکە دەگرێتەوە. هەر ئەزموونیشە کە چوارچێوە و قالبی هەمەجۆر بۆ شیعر دیاریدەکات، چونکە (زمان سەرچاوەیەکە دەچێتە نێو هەموو لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان و هزری مرۆڤ، بەرپرسە -بە ڕێژەیەکی زۆر- لە هەقیقەتێک بەوەی مرۆڤ تەنیا لە جیهانی بایۆلۆژیدا خاوەنی مێژوو و پێشکەوتنێکی ڕۆشنبیرییە، هەروەها خاوەنی هەمەجۆرییەکی ئاڵۆزی دیاریکراو و دەوڵەمەندە) (نعوم جومسكي،2005، 18).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زمانە کۆماندەکاتەوە و دەربڕینەکانن ڕۆحەکان نزیکتر و هزرەکان فراوانتر دەکەن. سەرباری هەموو ئەمانەش سەنتەری جوانییە و بەخشینی جوانی و دۆزینەوەیان لە دەقە شیعرییەکاندا بۆ زمان و چۆنیەتی تەوزیفکردنی دەگەڕێتەوە. بەها و شیاوی وشەکان -بڕێکی کەم نەبێت- لە خودی خۆیاندا بەدیناکرێت. بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانیان بڕیاری ئەم حاڵەتە دەدات، بە تایبەتی کە زمانی شیعریی بە بێ لادان لە یاسای زمان یان بوونی ڕێژەیەک لە لادان ناگاتە ئاکام، (هەر وێنەیەکی شیعریی کار لەسەر پێشێلکاری یاسا یا ڕێسایەک لە ڕێساکانی زمان یا بنەما دەلالییەکانی دەکات) (ضياء خضير،2000، 14). پێشێلکاری توانای شاعیر دەردەخات لە ئاکامی دۆزینەوەی مەدلولی نوێ بۆ دالێکی دیاریکراو، بە تایبەتی کە (دال و مەدلول بریتین لە دەنگ و بیر، بۆیە ناتوانرێت نە دەنگ لە بیر و نە بیر لە دەنگ جیا بکرێتەوە) (شكري محمد العياد،1988، 46) بیرکردنەوە لە مەدلولی نوێ دەکەوێتە ئەستۆی شاعیر، تا چەند مەبەستیەتی چنینی مەدلوولە کۆنەکان هەڵوەشێنێتەوە و پەیوەندییەکی نوێتر بخاتە ڕوو.

## 2. تەوەری دووەم/ فەرهەنگی شیعری موفتی و دیاریکردنی ڕۆشنبیری زمانیی له شیعرەکانیدا

سۆز سەرچاوەی سەرەکی زمانی شیعرییە، بە تایبەتی کە کۆی ئەزموونەکانی شاعیر سۆزەکانی بەشداری لە دروستکردنیان دەکات، کەچی لە لای موفتی بەتەواوەتی پیچەوانە بۆتەوە، چونکە شاعیر بە پاڵپشتی ئاوەز مامەڵە لەگەڵ ژیان دەکات و جوانییەکان لە دوو تویێ ناوەڕۆکە باڵاکانی کۆمەڵگە و کەسە پڕ بەخششەکان بەدی دەکات، بۆیە لە خەمی هۆشیار کردنەوەیانە و چەشنی حاجی قادری کۆیی( 1815-1897) ڕابەرئاسا کار لەسەر پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی کۆمەڵ دەکات و واز لە ئارەزووە تایبەتەکانی خۆی دەهێنێت و ژیانی بۆ میللەت تەرخان دەکات، چونکە ئامانج لە شیعر و گوتاری شیعری لای موفتی ئاراستەکەی جیاوازە و تایبەتە بە بیرکردنەوە و چالاکی شاعیر لە دوو تویێ ژیان و ئەزموونکردنی.

زمانی شیعری موفتی لە قووڵایی زەمەن و سەردەم و قۆناغی موفتی سەرچاوەی گرتووە، شیعرەکان گوزارشت لە واقیعی ئەوکات دەکەن، بەڵام چەند ئەم زمانە پەیوەستە بەو کاتە دیاریکراوە، یا دەپەڕێتەوە بۆ زەمەن و کاتی تر؛ ئەمەیان پەیوەستە بە سروشتی دەقەکان و توانای حەشاردراوی مانەوە و بەرگەگرتنیان بۆ واقیعی زەمەنەکانی تر، لەوانەیە جیاوازی سەرەکی لە نێوان زمانی دێرین و نویێ بریتی بێت لەوەی (واتا لەزمانی دێریندا پێشتر هەبووە و نووسەر بەشێوەیەکی نویێ دایدەڕێژێتەوە، بەڵام واتا لە زمانی نوێدا شۆڕش ئامێزە لە ئاکامی نووسین و دواتری، واتاکە پەیوەستە بە دواتر نەک پێشتر) (أدونیس،1978، 132) .

تەنانەت جوانیناسی شیعریش پەیوەستە بە شوێن و کاتی بەکارهێنانی وشەکان و بەخشینی واتای چاوەڕوان نەکراو، لێرەدا شیعر ڕووی دەرەوە جێدەهێڵێ و بەرەو قوڵایی ناخ شۆڕدەبێتەوە، بەمەش شیعر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بەرپا دەکات و کاریگەرییەکی چاک دروست دەکات، بۆ ئەوەی ڕوخساری ژیان جوانتر و ناوەڕۆکێکی باڵاتر پێشکەش بکات، بۆیە (هەر قەسیدەیەکی ڕاستەقینە شەڕێکە یا هێرشێکە) (أدونیس،1978، 72).

بەم پێوەرە بەشی زۆری شیعرەکانی موفتی شەڕ و هێرشکردنی زمانین، بۆ نموونە لە شیعری (عەیبە)دا دەڵێ:

عەیبە شاعیر لەم زەمانە یاری زولف و شانە بێ

یا سوپاسی قامەتی گوڵزاری ڕووی جانانە بێ

شاعیری بێکەس بە کوردی، یانی خاوەن هۆش و بیر

چۆن ئەبێ هۆشیار و زانا و هونەری لەرزانە بێ

هەر ئەدیبێ خووی لەسەر خاڵ و خەت و ئەگریجە بوو

من لەحەق داوا ئەکەم بیبڕێ با هەر نەبێ (دیوانی موفتی، ٩٨)

بیرۆکەی ئەم شیعرە لای شاعیری دیکەش بەدی دەکرێت، وەک: (ئەحمەد موختار جاف) و (حاجی قادری کۆیی)،...هتد. خەمەکانی موفتی خەمی خودی خۆی نییە، خەمی گەورەی موفتی دورووبەرە، بۆیە گوتاری شیعرەکانی ئاراستەی کۆمەڵە، ئەم حاڵەتە بۆتە مایەی ئەوەی جەخت لەسەر زمانی ئەوان بکاتەوە و کەرەستەکەی هەر وشەکانی نێو فەرهەنگی زۆرینەی میللەت بێت، چونکە ئامانجی سەرەکی شاعیر هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیانە، بۆ گەیاندنی ئەوەی دەیەوێت هانای بۆ زمانێکی ڕەوان و شێوازێکی ڕاستەخۆ بردووە، بەبێ ڕازاندنەوە و تەم و مژی و ناڕوونی .

ئەو نەیویستووە بەهۆی زمانێکی شیعری چڕ دیوارێکی پتەو و تێنەگەیشتوو لەنێوان گوتارەکانی خۆی و بەرامبەرەکەی دروست بکات، بە جۆرێک جوانییەکان بگات و پەیامەکەی نەگات، بەڵکو ویستوویەتی پەیامەکەی بگات بۆ ئەوەی جوانییەکان لە بواری ڕەوشتەوە لەلای بەرامبەر/وەرگر بچەسپێنێ، تەنانەت خۆیشی وەکو شاعیر ناناسێنێت، بەڵکو کار لەسەر مرۆڤایەتی دەکات. بۆیە لە کۆتایی هەمان شیعردا دەڵێت:

موفتی هەرچەند تۆ کە هۆنەر نیت و ناوت هۆنەرە

تاوەکو مردن ژیانت، ژیانی ئینسانانە بێ (دیوانی موفتی، ٩٨)

شاعیریی لای موفتی؛ یەکسانە بە خاوەن بیر و هۆش، ئەم بیر و هۆشەش دەبێ لە خزمەتی مرۆڤایەتی دابێت و لە چواچێوەیەکی مرۆڤانەدا بێت، کە بەرهەمی بیروهۆشە. موفتی وێنە زیندووەکانی نێوکۆمەڵگەکەی خستۆتە نێو سیاقی دێرە شیعرییەکانی و بەشدارییەکی تەواوی دەرد و خەم و مەینەتیەکانی دەوروبەرەکەی کردووە و بەمەش نەوەستاوە خستویەتییە قالبی شیعری بۆ ئەوەی بە وردی دیاریبکرێت و دواتریش چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە .

شیعرییەتی زمان کاتێ دەردەکەوێت کە پەیوەندی نوێ لەنێوان ئەمانەی خوارەودا دروست دەبێت :(أدونیس،1996، 154).

١ / پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ.

٢ / پەیوەندی نێوان شت و شت.

٣ / پەیوەندی نێوان وشە و وشە، واتە وێنەی نوێ بۆ ژیان و مرۆڤ پێشکەش دەکات.

ئەم پەیوەندییە ئاسۆییانە دواتر پەیوەندی لەسەر ئاستی ستوونیش دروست دەکەن، بەتایبەتی کە مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەبێتە مایەی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و شت،

کە بەرهەمەکەیان دروستکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نوێیە لە نێوان  وشە و وشە، چونکە (ئێمە بە زمانێک هزر دەکەین و بە زمانێک دەئاخڤین و بە زمانێکیش دەنووسین) (یوسف الخال، 1978، 6).

تا لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوەی نووسین بە زمانی ڕۆژانە و ئەوەی لە ئێستای زەمەنی موفتی پێگەیشتووە، گەلالە بووە، موفتی مەبەستی بووە ئەم جۆرە زمانە بەکار بهێنێ، بۆ ئەوەی بازنەی هۆشیارکردنەوەکە فراواتر بکات. تەوزیفکردنی وشە لەنێو دێرە شیعرییەکاندا دەلالەتی نوێ بە وشەکە دەبەخشن، چونکە وشە لە فەرهەنگدا چەسپاوە و دەلالەتەکەیشی دیاریکراوە، بەڵام ئەوە شاعیرە دەلالەتەکانی وشە فراوانتر دەکات و دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشێت. ئەگەرچی وشە هەبێت بەکارهێنانیشی پشتگوێ خرابێت، شاعیر دەتوانێت چەندین بارە ژیان و چالاکییان بەبەردا بکاتەوە و لە یادەوەری کۆمەڵگەدا بیانهێڵێتەوە، گرنگ لە شیعردا پێشڕەوی بۆ بینینێکی ژیانیی مرۆڤایەتی نوێ و شۆڕشگێڕی بکات، (گرنگە شیعر بنیادی دەروونی و عەقڵی باو بگۆڕێت، نەک بەکاربهێنرێن، یا بیلێنەوە) (أدونیس،1978، 106). جوانی زمانی شیعر هەروەک (ئەدۆنیس) دەیگەڕێنێتەوە بۆ (سیستێمی وشەکان و پەیوەندییان بە یەکترییەوە، سیستمێکە ڕێزمان حوکمیان ناکات، بەڵکو هەڵچوون و ئەزموون بەڕێوەیان دەبات) (محمد عزام،1995، 35-36).  یەکێ لەو پاڵپشتییانەی شاعیر بۆ ئەم مەبەستە ڕەوانبێژییە، بەتایبەتی لێکچواندن و خواستن و هەندێ لە لایەنەکانی جوانکاری؛ وەک: پێنجخشتەکی کە لای موفتی بەشێکیان بە تەنیا خۆی شیعرەکەی لەسەر هونەری پێنجخشتەکی نووسیوە و بەشێکی تریان پێنجخشتەکی لەسەر شیعری شاعیری ترە، وەک: (ئەحمەد موختار جاف 1898-1935)و (قانیع 1898-1965) و (گیو موکریانی 1903-1977). ئەمە ئەوە دەگەیەنێ  کە شێوازی ئەم شاعیرانە لە موفتی نزیکن، بە تایبەتی (قانع) کە بە شاعیری چەوساوەکان ناسراوە و ئەم شیعرانەی موفتی کردۆتە  پێنجخشتەکی:

1 _دەردی دڵ (دیوانی قانع،53)

2_ئەی سەر بەسە ( دیوانی قانع،79)

3 _ئەگەر چی لەحزەیەک (===،151)

4 _دەسی من دامەنی تۆ (===،314)

5 _عەیبە شاعیر لەم زەمانە (===،322)

ئەمە بەڵگەیەکی پتەوە بۆ نزیکی  هزر و بیروڕا و بنەمای ئەم دوو شاعیرە. (ئەی وەتەن) لای موفتی چوارچێوەیەکی تایبەتی وەرگرتووە، چونکە ئەم دەستەواژەیە لای شاعیری دیکەش بەدیدەکرێت، کە هەندێکیان سەرچاوەکەیان هەر موفتی شاعیرە، کە(وەتەن) لای موفتی نزیکترە و ئەو کەس و هاوڕێیەیە کە هەستی پێدەکات و ناخی دەخوێنێتەوە، بە هۆی کارەکانی ( تێئەگەم، ئەزانم )جەخت لەسەر نزیکبوونەوەی لە (وەتەن) دەکاتەوە. دڵدانەوەی (وەتەن) بە هۆی (سەبرت

بێ، نەناڵێنی )، ئەم حاڵەتی قسەکردنە داهێنانێکە لە زمانی شیعریی، کە لە کۆتایی شیعرەکەدا (گەر ئەپرسی) کردۆتە زمانحاڵی وەتەن، وشەیەکی وەکو (ناقوس) کە جگە لە موفتی لای شاعیری تر بەدیناکرێت، یەکێ لەو واتایانەی ناقوس پەیوەستبوونیەتی بە مەترسیەوە (بڕوانە: جمال الدين ابن منظور،2010)، لای نەسرانییەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک بۆ کاتی نوێژ بەکارهاتووە. شاعیر دەڵێ:

تابەکەی بۆت لێبدەم شەیپوور و ناقوس و جەڕەس (دیوانی موفتی،71)

زمانی هەڵقوڵاوی دەروونێکی هەمیشە نائارام لەبەر ئازارەکانی وەتەن دەگەیەنێت، هەموو چارەسەریشی بۆ ئەم گرێیە (عیلم و عەقڵ)ە، مرۆڤ لای موفتی یەکسانە بە سەر، سەر یەکسانە بە عەقڵ.

ئەی سەر بەسە تاکەی لەسەرت ماوە جەهالەت

چاو هەڵبڕە نەختێ، بەسە ئەحواڵی قەباحەت

حەیوانی ئەگەر جێلەوەڕی خۆشت موڕادە

یا گەر بەشەری بێرە سەفی عیلم و دیراسەت (دیوانی موفتی،99)

بانگەوازی هەمیشەیی لای موفتی و پێوانەی مرۆڤبوون (عیلم )ـە، کە لە ڕێڕەوی شیعرەکانیدا ئەم پەیامی پێویستبوونی زانستە چەندین بارە دەکاتەوە، بە هۆی جەختکردنەوەی لەسەر عەقڵ، هەرچەندە مەرج نییە هەموو کەسێکی عاقڵ زیرەک بێت، پێچەوانەکەیشی ڕاستە، چونکە عەقڵ لەگەڵ زیرەکی جیاوازە، بەڵام داواکاری موفتی؛ بوونی عەقڵ پەیوەستکراوە بە هۆشیاری، بەهۆی بەکارهێنانی عیلم و زانیاری و زانست کە پاڵنەرێکن بۆ هۆشیاری و چەکێکی کاریگەرن لە سەر کۆمەڵگا و گەشەسەندنیدا.

موفتی خۆی وەک مرۆڤ هەم عاقڵ ودانا، وەک شاعیر هۆشیار، ویستویەتی ئەم شتانەی لە ئاکامی دانایی و هۆشیارییەوە هەستی پێکردووە بیکاتە پەیامێک و بیگوازێتەوە نێو کۆمەڵگەکەی، هەموو جەختکردنەوەی موفتی لەسەر هۆشە؛ بۆ بەڕێوەبردنێکی ڕێکی ژیان:

بیزانە شعوری نییە پەتیارە و شێتە

ئەو شاعیرە هۆشی کە لە سەر پەرچەم و خاڵە .(دیوانی موفتی،106).

نامەکانی موفتی نامەی خودی نین، بەڵکو نامەی کۆمەڵایەتین، دەشێ بڵێین موفتی چاکسازێکی سەردەمەکەی بووە، وەک چۆن لە ئێستادا گروپ و ڕێکخراو هەن بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، موفتی بە تەنیا گرووپ ئاسا کاری کردووە بۆ نەهێشتنی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگەکەی، ئەم کارەیشی پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی ڕەوانی سادەی ناوەڕۆک قووڵ بووە.

بۆ ئەم مەبەستە (یاکوبسن)شەش ڕەگەزی دیاریکردووە: (نێرەر، بۆنێردراو، پەیام (نامە )، سیاق، کۆد، کەناڵی گەیاندن و پەیوەندیکردن، بۆ ئەوەی نامە یا پەیامەکە کاریگەر و چالاک بێت، دەبێت جەخت لەسەر زمانی شیعری بکرێتەوە، بەمەش پێویستی بە سیاقێک هەیە پشتی پێ ببەستێت، هەروەها پێویستی بە بوونی کۆدێکی هاوبەش لە نێوان نێرەر و بۆنێردراو هەیە، هەریەک لەو شەش ڕەگەزە ئەرکێکی زمانی جیاوازییان هەیە، واتە شیعرییەت بریتییە لە ئەرکی ئەدەبی کە نامەکە بنیادی دەنێت)(یاکوبسن،1988، 57). چۆنیەتی خستنەڕووی پەیامەکە و کەرەستە و تەکنیکە بەکارهاتووەکانی وەک: گێڕانەوە، گفتوگۆ، خۆدواندن،....هتد، سەرباری کەرەستەکانی جوانکاری شێوازی تایبەت بە شاعیر دروست دەکەن و دەیناسێنن لە لایەک و لە لایەکی ترەوە وەرگر بۆ خۆیان کێش دەکەن. چونکە زمان کاتێ ڕەهەندی جوانی لەخۆدەگرێت، کە لە سنووری زمانی ئاسایی و بەکارهێنانە باوەکانی بچێتە دەرەوە، بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت، شاعیرێکی وەکو موفتی چەند پێویستی بەوە بووە لەم سنوورە دەربچێت، بە تایبەتی و لە بواری ئەزموونەکانی موفتی کار لەسەر جەوهەری مرۆڤ دەکەن، نەک شێوە و ڕوخسار؟ ئەمە وایکردووە فەرهەنگی شیعری موفتی ببێتە مایەی سەرنج و تێڕامان، سەرەکیترین پێکهاتەکانی ئەم فەرهەنگەش بریتین لە:

1- لاساییکردنەوەی شیعری کلاسیکی بە هۆی بەکارهێنانی زمانێکی تێکەڵ، بە جیاوازی ئەوەی کە لە نێو فەرهەنگی شیعری موفتی دا وشە و زاراوەکان زیاتری عەرەبین، فارسی و تورکی تێدا بەدیناکرێت، هەر بۆیە موفتی دەڵێ:

کەسێکم بۆ دەس و سەر من لە قەومێکم پەنا بە خوا

نە دەرمانم لە لای تورکە، نە هیوامە بە ئێرانی...(دیوانی موفتی،188)

یا دەڵێ:

ئەی کوردە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی

لێی لادە بە ڕەسمی مەدوێ، تازە بەتاڵە

ڕەببی نەنەوێ دەستی قەوی کاکی

ڕزگارت ئەکا کاکە لە گریان و لە ناڵە....(دیوانی موفتی،106 )

وشە باوە عەرەبییەکان کە بەکاریهێناوە، دەشێ لە نێو زمانی ڕۆژانەی ئەو کاتدا بەکارهاتبێت، وەک:( ناقوس، جەڕەس، حاشا، نیعمەت، وەحشەت، ئەسباب، نەجات، عوقدە، ئیحسان، لەعنەت، خائین، حەیا، صنعەت، قەترە، مەشهوور، عەمەل، حەیات، مەکروە، حەببە، مەزروعات، موختەسەر، ئەشعار، تەبیب، جەزا، حەبس، تۆبەی نەسوحی، بەیع و شیرا،....هتد). هەرچەندە لە شیعری (پڕیەتی

سندوقی دڵ) کە لە ساڵی 1939 نووسراوە، ڕێک موفتی باس لە توانای خۆی بۆ نووسینی شێوازی شیعر بە زمانی کلاسیک دەکات، تێیدا دەڵێ:

خاڵی با دانێم بە دانە و موو بە داوی مورغی دڵ

چینی ئەگریجەی بە دووپشک و قەفی زولفی بە مار(دیوانی موفتی،122)

ئەم چەمکە لای نالی و وەفایی بەدی دەکرێت، هەرچەندە موفتی لە کۆتایی ئەم شیعرەیدا دەڵێ:

موفتی بەم تەرتیبە گەر بارێ غەزەل کۆکەیتەوە

کەس بە فلسێ نایەوێ بیبەیتە ناو بازاڕ و شار(سەرچاوەی پێشوو)

موفتی خۆیشی درکی بەوە کردووە کە لە غەزەلدا سەرکەوتوو نابێت، نەک لەبەر ئەوەی لێزان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە نێو خەمێکی گەورەتردا دەسوڕێتەوە، کە جێی ئەم زمانەی تێدا نابێتەوە.

ئەگەر لە دوای (خانی1651-1706 )و (حاجی قادری کۆیی)یەوە (بێکەس/1905-1948) شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و دژی بێگانەپەرستی و نەتەوەیی بووبێت، ئەوا موفتی گەورەترین شاعیری دژە گەندەڵییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، سەرباری بیرە نەتەوەیی و سەرنج ورد و بیرتیژییەکەی.

2-وشەی ڕۆژانەی ئەوکات، کە لە ئێستادا یا هەر بەکارنایەن، یا زۆر کەم بەکاردێن، وەک:

فاکوفیک، حەیتە، جەڕا (قاچم جەڕاوە)، جەخار، پیرم گرت (پیلم گرت)، قوژبن، دەمنەوێستاو، دەسمایە، مەرەخەس، ئاوڕشێن، قاوچوقوچ (قەوچەقەوچ) چەناگەبازی (چەنەبازی)،....هتد.

3-ئەو گۆڕانکارییانەی لە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول دروست دەبن؛ کە تایبەتمەندی شاعیر دەردەخەن، یا دروستکردنی وشەی لێکدراو، وەک: سندووقی دڵ، تۆماری دڵ،مەزروعاتی یار، شوعلەوەر، ڕێبەستی (ڕێگری)، فەرهادکوژ، دووعانووس، ئەشعاری شۆخ، لافاوی خەیاڵات، شۆخی خۆششعار...هتد، شۆخ و خۆش لای نالی بەدیدەکرێت کە ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروست دەکەن، کە تەنیا ڕیزی پیتەکان وەکو یەک نین (بڕوانە:دیوانی نالی)، بەڵام موفتی خستویەتییە پاڵ شعار.

4-کوردی ڕەوان وەک: خۆپەسەندی، خوێنسارد، چاپووک، گەردنکەچی، گەندەڵ، پەرپووت، هیچنەزان، تووناکراو ( دەربەدەرکراو )......هتد.

5-ناوی ڕووەکە خۆرسکەکان وەک: ڕێواس، قارچک، دارمازوو،...هتد

6-زۆربەی فرمانە بەکارهاتووەکان فرمانی داخوازییە، لە ئاکامی ناوەڕۆک و ئاراستەی پەیامەکەی، وەک: تێی هەڵدە، بیرێژە، نەکەی، بیچێژە، بگرن، خەم مەخۆ،....هتد.

7- کێڵگە واتاییەکان لای موفتی کە کێڵگەیەکی سەرەکییە؛ وڵات و واژە پەیوەستەکانە بە وەتەن، خۆشەویستی وڵاتی بە گەلێ شێوەی هەمەجۆر دەربڕیوە وەک: لە ڕێگەی دەربڕینی ڕاستەوخۆ نمونەی: (ئەی وەتەن) ناڕاستەوخۆ لە بواری دەربڕینی پەیوەستەکان بە سروشتی ناوچەکە و هاندانی خەڵک بۆ خزمەتکردن لە ڕێگەی زانست و خوێندەواری و ڕۆشنبیری، هەروەها دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی زیان بە گەل و نشتیمان دەگەیەنن، واتە ژیان بە مەردی و سەربەستی و سەرفیرازی و پشت بەستن بە توانا خۆییەکان نەک بە بێگانە.

8-هێنانەوەی نموونەی کەسایەتی نێو فۆلکلۆری کوردی وەک: شیرین و فەرهاد، گوڵئەندام و بارام، یوسف و زولێخا (ئایینی)، ڕۆستەمی مازندەران، دێوی سپی، یا پەند و ئیدیۆم، نموونەی: چەپڵە بە دەستێ لێنادرێ، خەیاڵی خاوە،....هتد. هێنانەوەی کەسایەتی فەلسەفی وەک: ئەرستۆ، کەسایەتی سیاسی وەک: چەرچل، ڕۆزفەلت......هتد.

9-موفتی وەک هەر شاعیرێک سێبەری زمانی شیعری شاعیری دیکەی بەسەرەوەیە، کە لە هەندێ شیعردا بەدیدەکرێت. وەک:

پڕیەتی سندووقی دڵ دایم هەتا دووسەد هەزار

گەوهەری پڕ قیمەتی ئەشعاری شۆخی خۆششعار

سەرفی ناکەم من لە بازاڕی پڕوپووچا بە هیچ

یەعنی زولف و پەرچەم و خاڵ و خەتی ڕووی گوڵعوزار..(دیوانی موفتی،121)

یا:

وەکو ماسی بە سەربەستی غەواصی گێژی بن ئاوم

لە بنی بەحری فیکرا، گەوهەری عەنتیکە دەردێنم (دیوانی موفتی، 102)

(نالی) دەڵێ:

بەحری غەزەلم پڕ لە دووڕ و گەوهەرە ئەمما

غەواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە(دیوانی نالی، 100)

یا وەک:

گەلێ کەس وا ئەزانن خەو ئەبینم یان ئەڕاوێنم

فلیمی سینەما چەرخە ئەگۆڕێ ڕۆژی سێسەدجار(دیوانی موفتی،102)

(قانع) دەڵێ:

بە ئاوێنە نەکەن بڕوا ئەگەر خەندەی بە ڕووتا هات

لەگەڵ جەمعی خەلایق دڵ ئەگۆڕێ ڕۆژی سێسەدجار (دیوانی قانع،568 )

جیاوازییەکە لە نێوان(فیلمی سینەما و ئاوێنە) دایە، کە دەشێ فیلم خودی ژیان بێت و گۆڕانەکەش بە شێوازێکی خوازەیی دەلالەت لە زۆری بکات، لە کاتێکدا (قانع)ئەم شیعرەی موفتی کردۆتە پێنجخشتەکی. زمانی شیعری موفتی وەک چۆن (حاجی قادری کۆیی) ئەم خەسڵەتانە ((ڕاستگۆیی،فیداکاری بۆ باوەڕی ئینسانانە، خۆبەختکردن لە پێناو غەیر، خۆلەبیرکردن، نەبوونی ئامانجی شەخسی لە کردەوەدا،..هتد))(مەسعود محەمەد،1973، 20) موفتی بە هەمان شێوەی حاجی قادری کۆیی ژیانی گوزەراندووە، بە جیاوازی لە ڕێژەی تووڕەبوونیان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەدا. ئەمەشە زمانیی شیعرییانی کۆکردۆتەوە، هەروەها موفتی لە شیعری (گەورەیەک)، کە لەسەر کێشی 10 بڕگەییە و لە 11 بەندی شەش دێری پێکهاتووە، تێیدا هاتووە:

گەورەیەک بۆ کەس نەبێ سێبەری

خۆم بۆ بگێڕم لە دەوری سەری

بە وشکی بۆ ببمە مەیتەری

وەختێ دەرکەوێ هەستم لەبەری

هەر بۆ خۆی دایم هەولی ژیان بێ

یاخوا  ئەو گەورە بەشی نەمان بێ (دیوانی موفتی،107)

بێکەس بە هەمان ئاواز و کێشی ئەم شیعرەی موفتی، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کە (گەورەیەک) بۆتە (دڵێک)، لە پاڵ ئەوەی شیعرەکەی موفتی شەش دێری و هی بێکەس پێنج دێرییە، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعرەکان مێژووی نووسینیان هەڵنەگرتووە، نازانرێت کامیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوی دیکە، دەشێ شیعرەکەی موفتی زووتر بوبێت و بێکەس لە ئاکامی سەرسامبوونی بە شیعرەکەی موفتی نوسیبێتی، کە تێیدا دەڵێ:

دڵێ تەڕ نەبێ، دڵێ تەڕ نەبێ

دڵێ لە خۆیا دایم تەڕ نەبێ

سەرخۆشی بادەی ڕووی دلبەر نەبێ

بە جامێ شەڕاب کەیل و مەست نەبێ

خوایە ئەم دڵە دایم پەستی کەی(دیوانی بێکەس،2008، 77 ).

(بێکەس)ی شاعیر ئاراستەی شیعرەکەی لە نەتەوەییەوە گۆڕیوە بۆ عەشق و خۆشەویستی، بەمەش تام و چێژێکی دیکەی بە شیعرەکە بەخشیوە.

**ئەنجامەکان**

-پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان زمانی شیعریی و واقیعی سەردەمی شاعیردا هەیە، بەوەی زمانی شیعریی هەڵگری ناسنامەی سەردەم و قۆناغی شاعیرە و تەنانەت بە پێی ئەزموونی شاعیریش دەگۆڕێت، بۆیە لەم چوارچێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، سەرباری هەبوونی شێوازی تایبەت بە سەردەم و شاعیرانی، جگە لە سامانی ڕۆشنبیری و خەسڵەتەکانی و توانای شاعیر لە وەرگرتن و دەوڵەمەندی زەمینەی ڕۆشنبیری.

-موفتی یەکێکە لەو شاعیرانەی ئاراستەی فەرهەنگی وشە بەکارهاتووەکانی شیعری گۆڕیوە، نەک تەنیا وازی لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشەی نێو ئەدەبیاتی پێش خۆی هێناوە، بەڵکو داوایشی لە شاعیران کردووە واز لە وەسفکردنی شتە ڕووکەش و لاوەکییەکان بهێنن و کار لەسەر بەها ڕەوشتیەکان  بکەن، بە مەبەستی بەخشینی باڵایی بە ژیانی ڕاستەقینە کە لە جەوهەری مرۆڤایەتیدا خۆی دەنوێنێ، خۆی لە خۆیدا ئەمە تایبەتمەندی موفتی لە داڕشتنی زمانی شیعریدا دەناسێنێ.

_ موفتی لە ئاکامی ئاخاوتن لەگەڵ خۆیدا و وەک مرۆڤێکی پشتبەستوو بە عەقڵ و شاعیرێکی هۆشیار، پوختەی گوتارەکانی بە زمانێکی ڕەوان و دوور لە تەمومژ و ناڕوونی  ئاراستەی بەرامبەر دەکات، چونکە جەختی لەسەر ناوەڕۆک کردۆتەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوی بیرۆکەکانی خۆی بچەسپێنێ و قەناعەتێکی زیاتریش لای وەرگر دروست بکات.

_جەوهەری شیعرییەت لە دۆزینەوە و بنیادنانی پەیوەندی نوێ لە نێوان دال و مەدلولدایە، کە دەکەوێتە ئەستۆی شاعیر، بۆ ئەم مەبەستە موفتی هاوسەنگی لە نێوان هەڵچوون و ئەزموونەکانی دەستەبەرکردووە و زمانێکی شیعریی تایبەت بە خۆی ناساندووە، کە پێکهاتەکەی زمانێکی مەعریفیی و گشتگیری میللییە.

_موفتی و ئەو پەیوەندییە قوڵەی بە پێنجوێن وایکردووە زمانە شیعرییەکەی دەربڕی پەیوەندییەکانی بێ، چەشنی زمانی شیعری نالی لە چامەکەی و هەواڵپرسینی شارەزوور، ئەگەرچی موفتی پێنجوێنی جێنەهێشتووە، ئەمە ڕەگوڕیشەی پەیوەندییەکەیانی قوڵتر کردۆتەوە و بۆتە ڕەمزێک بۆ کوردستان و ناوی موفتی وەکو کەس یەکسانە بە پێنجوێن وەکو شوێن، تەنانەت پێنجوێن بۆتە مەعشوقەی موفتی، کە کۆی هەستەکانی ئاراستەکراوە.

_موفتی ڕێچکەی حاجی قادری کۆیی گرتۆتە بەر و شاعیرێکی تووڕەیە، بۆیە زمانی شیعرەکانیشی  پڕە لە دەنگی بەرز و هاواری خەمخۆری لە پێناو هۆشیارکردنەوە و پێشکەوتن و بایەخدان بە ناوەڕۆکی کۆمەڵگە و پێداویستیەکانی.

_هێنانەوەی ناو و کەسایەتی و شوێن و کات و بەکارهێنانی فرمان و ئامراز و کەرەستەکانی تری زمان و لێکدانییان و دروستکردنی سیاقی گونجاو و سەرنجڕاکێش، ئاماژەیەکن بۆ زەمینەی ڕۆشنبیری زمانیی و هەگبەی مەعریفی شاعیر.

_هەموو ئەو مرۆڤانەی لە پشت شیعرەکانی موفتی دا بەدی دەکرێن، جوانیەکانی ناوەوەی مرۆڤن، نەک ڕووکەشییان، ئاکامێکە چارەنووسێکی گەشاوە و نهێنی ژیان دەدرکێنن، کە تەنیا لە نێو خەیاڵی موفتی و تێڕوانینی بۆ ژیان و مرۆڤ بەرهەم هاتووە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی


-بێکەس (2008)، دیوان، ڕێکخستن و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، پیاچونەوەی: مەسعوود ئەحمەدی، چ1، سنە.

-قانع (1396)، دیوان، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چ9، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە، سنە.

-مەسعود محەمەد (1973)، حاجی قادری کۆیی، بەرگی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

-موفتی پێنجوینی (2016)، دیوان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵا کەریم، چ 2، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

-نالی (1997)، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: د.مارف خەزنەدار، بەغدا.


### بە زمانی عەرەبی


_ أدونيس (1966)، سياسة الشعر، ط2، دار الاداب، بيروت.

_أدونيس (1978) ، زمن الشعر، ط2، دار العودة، بيروت.

_أدونيس (1985)، كلام البدايات، ط1، دار الاداب، بيروت.

_أدونيس (1979)، مقدمة للشعر العربي، ط3،دار العودة، بيروت.

_السعيد الورقي (1984)، لغة الشعر الحديث، ط3، دار النهضة للطباعة و النشر،،بيروت.

-تزفيتان طودوروف (1990) ،الشعرية، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء سلامة، ط2، دار توبقال للنشر،الدار البيضاء.

-توفيق الزيدي (1985) ،مفهوم الأدبية في التراث النقدي، سراس للنشر، تونس.

-جان كوهين (1986)، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: محمد الولي و محمد العمري، ط1، دار توبقال للنشر،الدار البيضاء، المغرب.

-جمال الدين ابن منظور(2010)، لسان العرب، تحقيق:أمين عبدالوهاب و محمد الصادق العبيدي، ط1، دار أحياء التراث العربي، بيروت، لبنان.

-جمال حمود (2000)، فلسفة اللغة عند لودفيغ فنغشتاين، ط1، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت.

_جون كوهين (2000)، بناء اللغة الشعرية، ترجمة: أحمد درويش، ط3، دار غريب.

_حسن ناظم (1994)، مفاهيم الشعرية، ط1، المركز الثقافي العربي، بيروت.

_راغب نبيل (؟)، موسوعة النظريات الأدبية، الشركة المصرية العالمية للنشر لونجمان،القاهرة.

_شكري محمد العياد (1988)، اللغة و الابداع، ط1، انترناشيونال برس، القاهرة.

_ضياء خضير (2000)، شعر الواقع و شعر الكلمات، اتحاد الكتاب العرب, دمشق.

_عبدالرحمن السليمان (1997)، الشعرية و التجاوز، مجلة علامات في النقد، مجلد 7، جزء 25.

_عبدالرزاق تورابي (2005)، اللغة العربية و البحث العلمي، منشورات معهد الدراسات و الأبحاث للتعريب،الرباط.

_عثمان ميلود (1990)، شعرية تودوروف، الدار البيضاء.

_عزالدين اسماعيل و اخرون (1998)، في قضايا الشعر العربي المعاصر، المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم،(د.ط)،تونس.

_كمال أبوديب (1987)، في الشعرية ،ط1،مؤسسة الأبحاث العربية،بيروت.

_محمد عزام (1995)، الحداثة الشعرية، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

_محمود درابسة(2010)، مفاهيم في الشعرية، دار جرير للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

_نعوم جومسكي (2005)، اللغة و العقل، ترجمة:رمضان مهلهل سدخان، دار الشؤون الثقافية العامة،بغداد.

ـياكوبسن (1988)، قضايا الشعرية، ترجمة: محمد الولي و مبارك جنون، دار توبقال للنشر،ط1، الدار البيضاء.

ـيوسف الخال (1978)، الحداثة في الشعر،دار الطليعة للنشر و التوزيع،ط1،بيروت.

**Çavkanî/References**

'Abdulrahman Alsuleyman. (1997). *Alşi'riye û Altecawiz*. Mucele 'Ilamat fî Alnaqid. Mucild 7. Ciz 25.

'Abdulrazaq Turabî. (2005). *Al-Luxe ali'rebiye û Albehs Al'ilmî*. Menşurat Me'hed Aldirasat û Alabhas Lite'rîb, Al-Ribat.

'Izaddîn Isma'îl we Axerun. (1998). *fî Qezaya Alşi'ri Al'erebî Almu'asir*. Tunis.

Bêkes. (2008). *Dîwan*. Rêkxistin û Amadekirdnî: Umêd Aşina, Piyaçunewey: Mes'ûd Ehmedî. Ç1. Sine.

Can Kuhîn. (1986). *Bunye al-Luxe Alşi'riye*. Tercme: Muhemd Alulî û Muhemd Al'umerî. T1. dar tubqal. Dar Albeyza, Almexirb.

Cemaleddîn Ibin Minvur. (2010). *Lisan Al'ereb*. Tehqîq: Emîn 'Abdalwahab û Muhemd Alsadq Alu'bîdî. T1. Beyrut. Lubnan: Darihiya Alturas Ale'rebî.

Cun Kuhîn. (2000). *Bina Al-Luxe Alşi'riye*. Tercume: Ehmed Diruyş. T3. Dar Xerîb.

Edunîs. (1966). *Siyase Alşi'ir*. Ç2. Beyrut: Dar Aladab.

Edunîs. (1978). Zemenuş-şi'ir. Ç2. Beyrut: Dar Al'ude.

Edunîs. (1979). *Muqedime liş-Ş'riş-Erebî*. Ç3. Beyrut: Dar Al'ude.

Edunîs. (1985). *Kelamul-Bidayat*. Ç1. Beyrut: Dar Aladab.

Else'îd Alurqî. (1984). *Loxe Alşi'ri Alhedîs*. Ç3. Beyrut: Dar Alinhiçe Lisiba'e Wennesir.

Husin Nazim. (1994). *Mefahîm alş'rye*. g1. Beyrut: Almirkiz Alpqafî Al'rbî.

Kêmal Ebudîb. (1987). *fî Alşi'riye* . T1. Beyrut: Muassese al-Eabhas Ale'rebiye.

Mal Hemud. (2000). *Felsefe.* T1. Beyrut: Misabi' Aldar Al'erebiye lil'ulum.

Mehmud Drabse. (2010). *Mefahîm fî alşi'riye*. Dar Cerîr lin-Neşir û Altuzî'. 'Uman. Alurdun.

Mes'ud Mihemed. (1973). *Hacî Qadirî Koyî*. Bergî Yekem. Bexda: Le Çapkrawekanî Korî Zaniyarî Kurd.

Muftî Pêncwênî. (2016). *Dîwan*. Kokirdnewe û Amadekirdnî: Umêd Aşina û Kamîl 'Ebdulla Kerîm. Ç 2. Silêmanî: Çapxaney Endêşe.

Muhemed 'Azam. (1995). *Alhedase Alşi'riye*. Dimişq: Itihad Alkutab Al'ereb.

Nalî. (1997). *Dîwanî Nalî û Ferhengî Nalî*. Lêkollînewe û Saxkirdnewey: Dr. Marif Xeznedar. Bexda.

Ni'um Cumiskî. (2005). *al-Luxe û Al'eqil*. Tercume: Remezan Muhelhil Sidxan. Bexdad: Dar Alşown Alseqafiye Al'iame.

Osman Mîlud. (1990). *Şi'riye Tuduruf.* dar Albeyza.

Qani'. (1396). *Dîwan, Şa'îrî Çewsawekanî Kurdistan*. Kokirdnewey: Burhan Qani'. Ç 9. Sine: Nawendî Billawkirdnewey Sine.

Raxib Nebîl. (?). *Mewsu'e Alniviryat Alladebiye*. Alqahire.

Şukrî Muhemed Al'iyad. (1988). *Al-Luxe û Alibda'*. T1. Alqahire.: Antirnaşîwnal Biris.

Tizfîtan Tuduruf. (1990). *Alş'riye*. Tercume: Şukrî Alimbxut û Reca Es-Selame. T2. Dar Tubqal lin-Neşir. dar Albeyza.

Tufîq Alzîdî. (1985). *Mefhum Alladebiye fî Alturas Anneqdî*. Tunis: Siras Lin-Nneşir.

Yakubsin. (1988). *Qezaya Alşi'riye*. Tercume: Muhemd alulî û Mubark Cinun. Dar Tubqal lin-Neşir. T1. Dar Albeyza.

Yusif Al-xal. (1978). *Alhedase fî Alşi'ir.* Dar Altelî'e lin-Neşir û Altewzî'. T1. Beyrut.

Ziya Xuzîr. (2000). Ş'ri Alwaqi' û Şi'ri Alkelimat. Dimişq: Îtihad Alkutab Al'ereb.

**Extended Abstract**

Poetic language is a center for gathering what is related to ideas, how to write and all other materials, reflects the time and stage and is directly related to the depth of the poet's ideas It is important and represents the hidden feelings of the human heart. Within poetic language, all the general features and rules of their authority over poetic texts are broken.

Title of the research: In order to introduce the poetry of Mufti Penjweni and determine the position of the poet in Kurdish culture, we chose (Language and Experience of Mufti Penjweni (1881-1952) in the cultural dimension).

Research Methodology: The critical analysis method has been used as a basis for evaluating the poetic language of Mufti Penjweni as a result of his experiences and his role in the Kurdish cultural dimension.

Scope of the research: Diwani Mufti Penjweni, compiled and prepared by Omid Ashna and Kamil Abdullah Karim and published in 2016, has become the basis for determining the dictionary of Mufti's poetic language and the scope of the research.

The aim of the study:

1- Identifying the poetic language of the Mufti.

2. The position of the mufti in Kurdish culture through the level of his poetic language.

3. Identifying the main semantic fields in Mufti's poetry.

4. The type of language that the mufti emphasized on using.

The research question:

The most important questions this study seeks to answer are:

1_What is the poetic language of Mufti Penjweni?

2. How did cultural culture influence the language of Mufti's poetry?

3. What is the nature of the cultural relationship with the words, phrases and expressions used in Mufti's poems?

Contents of the study:

The research consists of two topics: the first topic discusses the duality of poetic language or the poetry of language and the second topic discusses the dictionary of Mufti's poetry and the identification of linguistic culture in his poems.

The poet treats language in a special way, in that language is not only a means of conveying ideas, but the poetic experience itself that expresses innovation itself, because it breaks the boundaries between opposite meanings. While part of the dictionary of poetry is the everyday language of the people, the poet has been able to create a poetic foundation that transcends the restrictions of standard language. If the poet uses the language of the people as he is, he moves away from the boundaries of innovation. Mufti Penjweni,

renowned for his poetic and intellectual contributions, enriches the Kurdish language with his unique experiences and language dictionary.

The conclusions we reached were: Mufti is one of the poets who changed the direction of the dictionary of words used in poetry. Not only did he stop using words from his predecessors, but he also asked poets to stop describing superficial things and work on moral values. In order to give height to the real life that manifests itself in the essence of humanity.

This in itself identifies the Mufti's characteristics in formulating poetic language. Mufti follows the path of Haji Qadir Koyi and is an angry poet, so the language of his poems is full of loud voices and cries of concern for the sake of awareness, progress and attention to the content of society. On the other hand, all the people behind Mufti's poems are the inner beauties of people, not their appearance. They reveal a bright and mysterious destiny of life, which was produced only in the imagination of the mufti and his view of life and man